# پارتیكلّ
# له زمانی كوردی دا

د.ابوبكرعمر قادر/ زانكۆی سلێمانی/ كۆلێژی زمان/ بەشی كوردی

**دەستپێك**

ڕسته كه هەڵگری واتاو چەمكه ، تێگەیشتن دێنێته ئاراوە. تێگەیشتن بەرهەمی ڕێكخستن یان ڕیزبەندی وشەكانی زمانه – به پیّ ی یاساكانی ڕستەسازی – كه مۆرفیمەكان پێكیان دەهێنن . خودی وشەكان به پیّ ی تایبەتمەندێتی ڕستەییان بۆ چەند بەشێك پۆلكراون .

(ئارنست مەكارس) ئامرازەكان بە گشتی بە پارتیكل دادەنێت ، لەوانە : ڕامان – بەستن – وشەكانی پرس – ڕادە – ژمارە – پێشناو – ئاوەڵكار ( maccarus:1958:93-96) ڕۆڵی بكەری و بەركارییان دەداتیّ. ( Maccarus :1958:93-96 ) .

(ئەورەحمانی حاجی مارف ) بەشەكانی ئاخاوتن دەكاتە (١٠) بەش دوابەشیان (پارتیكلّ)ە (ئەورەحمان : ١٩٧٩: ١٠ ) . له پۆلێنكردنی نویّ دا وشەكانی زمان دابەشدەكرێن بۆ فەرهەنگی و ڕێزمانی لەم دابەشكردنەدا ، مۆرفیمە بەندە وشە داڕێژەكان دەچنە خانەی فەرهەنگییەوە ( Finch:2000:135 ) واته بەشداری واتاییان هەیە.

دەبیّ ئەوە لەیاد نەكرێت لەبەشی فەرهەنگی دا پۆلە وشەیەك دیاری دەكرێت ، كه ڕۆڵی بنجی پێكهاتەی فرێز نابینن ، بەڵكو بەشێكی واتا یان چەمكێك بەرجەسته دەكەن، به پیّ ّی مەبەست و سنووری بەشدارییان دابەش دەبن و پەیڕەوی بچوكتر دێننە ئاراوە . لەم توێژینەوەیەدا ، پۆلە وشەیەك بەناوی پارتیكلّ دەناسێنرێن . به پیّ ی (تیوری ئیكس باڕ) شوێنیان له پێكهاتەی فرێزدا دەخرێته ڕوو .

مەبەست لەم توێژینەوەیە:

١- ناساندنی پارتیكڵە بەشێوەیەكی زانستی.

٢- بەئاگابوون له گەشەی تیورەكانی زمان و ڕەنگدانەوەی له زمانی كوردی دا .

پارتیكلّ وەك كەرەسەیەكی زمانی چەندین پێناسەی بۆكراوە ، لەوانە:

١- زاراوەیەكە لە ڕێزمانی وەسفی دا بەكارهێنراوە بۆ یەكە نەگۆڕەكان –لە ئەركە ڕێزمانییەكانیان دا – بە تایبەت ئەو كەرەسانەی شیاونین بەشێك بن لە بەشە ئاخاوتنەكان (Crystal : 2003 : 338)

٢- پارتیكلّ ڕەگەزێكی فەرهەنگی نەگۆڕە ، هیچ مۆرفیمێكی ڕێزمانی وەرناگرێت و گەردان ناكرێت ( Trask:1993: 201) هەروەها دەڵێت : پارتیكلّ زاراوەیەكە بۆ خستنەڕووی پەیوەندی زمانی – واتایی– بەكاردێت له پۆلێكی كراوەی : ناوی، كاری، ئاوەڵناوی دا .

٣- پارتیکڵ زاراوەیەکی تیوری یان زاراوەی پێشینەی تیورییە، بۆ وەسفی ئەو پۆلە وشانە بەکاردێت، کە فۆڕمێکی نەگۆڕیان هەیە و ناکرێت بە ئاسانی بە پێ ی سیستمی ڕێزمانی نەریتی – تقلیدی- بخرێنە کەتیگۆرییەکانەوە . ( Radford:1997:267)

٤- پارتیکڵ زاراوەیەکە، هەندێك جار بۆ وشەیەك بەکاردێت ، کە ناسینەوەی ئاسان نییە لەگەڵ بەشی سەرەکی ئاخاوتن دا وەك : ناو ، کار، ئاوەڵکار ... هەروەها وەك ئاوەڵکار کاتێك ئەرکەکانیان وەك پارتیکڵی ئاوەڵکارییە.( Richards :1992:165)

لێکدانەوەی پێناسەکان ئەم تایبەتیانە بۆ پارتیکڵ بەرجەستەدەکەن :

١- پۆلێکی فەرهەنگین ، واتە کەرەسەی ئاستی مۆرفۆلۆژین .

٢- لە پێکهاتەی ڕستەدا ئەرکی ڕێزمانییان هەیە.

٣- گەردان ناکرێن ، فۆڕمەکانیان نەگۆڕە.

٤- نابنە بەشێك لە پۆلە ڕەگەزێکی تری وەك : ناو ، ئاوەڵناو ، کار .

٥- هەندێك جار وەك ئاوەڵکار ڕەفتار دەکەن و لایەنێکی نادیاری کار دەخەنەڕوو.(وا دێم )

بە پێی ئەم تایبەتمەندیانە پارتیکڵ وەك وشەگەلێك لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا ، ئەو شوێنانەی لە چوارچێوەی فرەیز و ڕستەدا دەیگرن مەبەستێك دەگەیەنن . وەك پەیڕەوێکی بچوکی سنووردار لە پێکهاتەی تیوری ئێکس بار دا بەشداری دەکەن .

تیوری ئێکس بار ($\bar{X}$) سیستەمێکی شیکاری ڕێزمانییە ، هەوڵدانە بۆ پوختەکردنی بۆچوونە نەریتییەکان لە پێکهاتەی فرەیزدا.

گرنگی داهێنانی ئەم تیورە لەوەدایە ، کە هەنگاوەکانی لە فراوانبوون دا ورد و نەگۆڕە ، خستنە ڕووی بنیادنانە لە ڕێگەی ڕستەسازی و بەرهەمهێنی نوێباوەوە ،کە تێپەڕبوونە بە ژمارەیەك هەنگاوی پوختەکاریدا . بە کارێکی خێرا / گورج دادەنرێت بۆ دەستپێکردن لەگەڵ چەمکی فرەیز، کە تێیدا فراوانبوونی گرنگ ڕوودەدات . هاوکات دەبێت نووسینەوەی شیکاری هەموو کەرەسە سەرەکییە فەرهەنگییەکان لە خۆبگرێت ( Finch:2000:135)

بە واتایەکی تر خودی ئەم تیورە گەشەپێدانی یاساکانی فرەیزپێکهێنانە لە ڕێزمانی بەرهەم هێن دا ، کە پشت بە سەرەو تەواوکەر دەبەستێت ، ئەو کەرەسە فەرهەنگیانەی دەبنە سەرە بەشە ئاخاوتنەکانی ( ناو، کار ، ئاوەڵناو، پێشناو) ن ( ویویان جیمزکوك :١٣٧٤: ١٥٢)

لەڕوانگەی بوونی ( ناو، کار ، ئاوەڵناو، پێشناو) بە سەرە" ئەوە بەرجەستە دەبێت ، کە پارتیکڵ نابێتە سەرە لە پێکهاتەی ( $\bar{X}$ باڕ)دا ، کە دەتوانرێت یاساکانی لەم چەند خاڵەدا ڕوونبکرێتەوە ( Finch:2000:138 ) .

١- سەرەی فرەیز ، کە ( X ) ە ، X بنجە بۆ ناو ، کار ، ئاوەڵکار ، ئاوەڵناو ، پێشناو .

٢-تەواوکەر X لە $\bar{X}$ باڕدا فراوان دەکات .

٣-دەرخەرەکان ( modifier) $\bar{X}$ باڕ لە $\bar{X}$ باڕدا فراوان دەکەن ، واتە دەتوانرێت $\bar{X}$ باڕ وەك داواکراوێك دووبارە ببێتەوە ، دوو گرێ بە یەك فۆڕمی-X بێتەئاراوە ، وەك لە هێڵکاری ژمارە یەکدا بەدی دەکرێت .

٤- دیاریکارەکان ( Specifiers ) $X^-$ -بار لە $X^=$ جووت باردا یان XP دا فراوان دەکەن . خاڵەکان ئەوە ڕووندەکەنەوە ، کە : X هێمایە بۆ بنجی فرەیزەکانی ناوی ، کاری ، ئاوەڵناوی ، ئاوەڵکاری ، پێشناوی . $X^-$ فراوانبوونی X ە لەگەڵ دەرخەردا ، هاوکات $X^=$ کۆتایی فرەیز دەگرێت ، لە ڕێگەی هێنانەئارای دیاریکارەوە :بۆ نموونە : <u>tenya</u> <u>yek</u> gul' al

spec spec




هلێڵکارییەکە دوو جۆر فراوانکردن دەخاتە ڕوو :

١- لە ڕێگەی دیاریکار Specifiers.

٢- لە ڕێگەی دەرخەر Modifier ،کە دەشێت پێش بنجی فرەیز یان دواى بنج بێت.

بنج یان سەرە چەند تایبەتێتیەك لەخۆدەگرێت ( Tallerman :1998:93)

١- سەرە هەڵگری زانیاری واتایی زۆر گرنگی فرەیزەکەیە.

٢- بەشە ئاخاوتنی سەرە پۆلە وشەییەکانی تری فرەیز دیاریدەکات و بوونیان پێویستە.

٣- سەرە هەندێك دابەشبوونی لە پێکهاتەی فرەیزدا هەیە ، شوێنکەوتووەکانی دێنێتەئاراوە.

٤- سەرەکان ، بە پێی پۆلە وشەییەکان ، کەرەسە پێکهێنەرەکانی فرەیز دەستنیشان دەکەن.

٥- سەرەکان ، پێداویستییەکانی خۆیان داوا دەکەن و دەیانگونجێنن لەگەڵ هەموو، یان هەندێ سیما ڕێزمانییەکان .

٦- داواکراوەکانی سەرە لە فرەیزی ناوی دا ، پێویستە هاوبەشە ڕێزمانییەکانی حاڵەتەکان (وەك : کەس و ژمارە) لەخۆبگرێت.

تایبەتییەکان ئەوە دەخەنەڕوو ، ئەو کەرەسانەی دەبنە تەواوکار ، دەرخەر ، دیاریکار، ئەرکی واتایی و ڕێزمانییان لە پێکهاتەی فرەیزدا دەبێت و خۆیان دەگونجێنن . هاوکات شوێنی سەرە

شوێنێكی چەسپاو نییە، بۆیە ئەم هاوكێشەیە دێتە ئاراوە : (ویویان جیمزكوك: ١٣٧٤ :١٤٥)

1- a: $X^{-} \longrightarrow X$ تەواوكار

b: $X^{-} \longrightarrow$ تەواوكار $X$

ئەوەی جیٚ ی سەرنجە دەشێت لە بری تەواوكار ... خالٚ دابنرێت، واتە شوێنی تەواوكار بەچەند خالێك بێت ( د.محمد بیر مقدم : ١٣٨٣: ٣٠١) وەك :

2- $X^{-} \longrightarrow X$ ....

هاوكێشەكان جۆری پەیوەندی نێوان سەرە وتەواوكار لە $X^{-}$ ئێكس باڕدا ڕووندەكەنەوە. واتە پارامێتەری سەرە جیاوازی ڕیزبەندی سەرە و تەواوكاری زمانەكان دەستنیشان دەكات . بیٚ گومان هەر زمانە تایبەتمەندێتی خۆی هەیە، لە ڕیزبەندی پێكهاتەی فرەیزەكانیدا. بە واتا دەشێت سەرە سەرەتا یان سەرە كۆتا بێت .

كۆتایی فرەیزەكە بە $X^{=}$ (ئێكس جووتبار) ئامارژەی بۆ دەكرێت جۆرێك لە ڕەگەزی ڕستە دەنوێنێت ، كە بە دیاریكار - Specifier - دەناسرێت و زۆر پەیوەست نییە بەیەكە فەرهەنگییەكان و هەمیشە پۆلێكی تەواویان نییە[1] (ویویان جیمز كوك : ١٣٧٤: ١٤٦)

بەپێی یاسا ( $X^{=}$ ئێكس جووتبار ) كە دەشێت $N^{=}$ یان $V^{=}$ بێت ئەوا لە : $N^{=}$ دا $N^{-}$ و دیاریكار بەدی دەكرێت . ئاسایی ئامرازەكانی ناساندن و هاوشێوەكانیانن – وەك ئامرازەكانی نیشانە و ئەوانەی جیٚ ی ئامرازەكانی ناساندن دەگرنەوە . ( د٠ محمد دبیر مقدم : ١٣٨٣: ٣٠١) واتە هەر كەرەسەیەك ئەو شوێنەبگرێت (لە فرەیزی ناوی دا)[2]. لە زمانی ئینگلیزی دا the وەك ئامرازی ناساندن سەرەتای فرەیزی ناوی دەگرێت ، بەلاٚم لە زمانی كوردی دا (– ەكە) ی ناساندن دوای فرەیزی ناوی دێت و دەبێتە دەرخەر . هاوكات جێناوەكانی نیشانە (ئەم – ئەو) كە ڕۆلی ناساندن دەگێڕن و پێش ناو دەكەون . وەك وشەی ئەركی ڕۆلی دیاریكار دەبینن.

لەم ڕوانگەیەوە : د. محمد معروف فتاح دیاریكەرەكانی زمانی كوردی لە فرەیزی ناوی‌دا بەم سیٚ دەستەیە ناودەبات (صباح رشید : ٢٠٠٧ : ٢٩)

١- تاكبندەكان (هەر – تەنیا).

٢- جێناوی نیشانە (ئەم –ئەو).

٣-ڕادە (هەموو – یەك ).

شایانی باسە ئەم كەرەسانە لە پێكهاتەی فرەیزی ناوی‌دا – بە پیٚ ی یاسای فرەیز پێكهێنان – بە دەرخەر ئامارژەیان بۆكراوە، لەژێر ناوەكانی (حصر – تەنیا – هەر ) ، ئاوەلٚناوی نیشانە : ئەم...ە ، ئەو....ە ، ژمارە ، ڕادە ( د. ابوبكر عمر : ٢٠٠٣ :٤٣)

---

[1] بۆنموونە لە زمانی ئینگلیزیدا كەرەسەیەكی وەك the و a بە دیاریكار دەناسرێن (a man) واتە لە چوار چێوەی فرەیزێكی ناوی دایە .

[2] واتە شوێن ڕۆلی دیاریكاری دەدات .

سەرنج بۆئەوە ڕادەکێشرێت ، کە وشەکانی : کام ، چ ، وەك ئاوەڵناوی پرس دەبنە دیاریکار و شوێنی Specifier ی فرەیزی ناوی دەگرن[3] ( ابوبكر عمر : ١٩٩٣ :٥٤) ، بەمەبەستی پرس یان پێدا هەڵدان ، وەك :

١- کام گوڵی کێوی — kam guli kĕwi

٢- چ گوڵێکی کێوی — ç gulĕki kĕwi

چەند گوڵی کێوی — çend guli kĕwi







[3] وشەی پرس لە زمانی کوردیدا بە پێی ئەرکی کەرەسەی پرسکراو شوێنی خۆی هەیە ، جا ئەو کەرەسەیە، بکەر بێت یان بەرکار بێت یان کار ، هەروەها ڕۆڵی لە ڕۆناندا ، دەرخەر بێت یان دەرخراو .

بە تێڕوانین لەم نموونانە:

تەنیا گوڵێك

هەر گوڵێك

چ گوڵێك – تەنیا چ گوڵێك

ئەم گوڵە

چەند گوڵ

کام گوڵ – تەنیا کام گوڵە کێویی

ئەو ڕاستییە بەرجەستە دەبێت ، کە وشەکانی : کام ، چ ، وەك ئاوەڵناوی پرسن ڕۆڵی دیاریکەر دەبینن . بەمەش ئەو ڕاستییە جێگیر دەبێت کە ئەو وشە فەرهەنگیانەی شوێنی spec دەگرن پۆلێکی فەرهەنگی دیاریکراونین . بۆیە دەتوانرێت وەك بەشدارێکی پێکهاتەی فرەیز لە تیوری ئێکس باردا بەپارتیکڵ ئاماژەیان بۆ بکرێت ، چونکە تایبەتمەندێکانی پارتیکڵیان تێدا بەرجەستە دەبێت . لەم بارەیەوە دەگوترێت : دیاریکار و تەواوکار ، خودی خۆیان بە وشەی فەرهەنگی ئەژمار ناکرێن ، بەڵکو وشەی ئەرکی پێکهێنەری فرەیزن ، ئەگەرچی وشەی فەرهەنگی تەواویش بن ( ویویان جیمزکوك : ١٣٧٤: ١٤٨)

پێشتر ئاماژە بۆ ئەوە کرا ، کە $X^{=}$ ئێکس جووتبار ، کۆتایی فرەیزە و جۆرێك لە ڕەگەزی ڕستە دەنوێنێت، لەم ڕوانگەیەوە پێکهاتەی ئەم نموونەیە دەخرێتەڕوو : ئەو پیاوەی، کە درۆ دەکات ... .




لە ڕوانگەی دەرخەرییەوە ، هێمای پێکهاتەی فرەیز گۆڕرانی بەسەردا دێت وەك :

[٤] ئاسایی دیاریکار و دەرخەر بە DET ئاماژەیان بۆ دەکرێت.




ئــەوەی جێــی ســەرنجە لــە پێکهاتــەی فرەیــزی ناویــدا ، ئەگــەر دیاریکــار و تــەواوکار بــوونی بەرجەستەشیان نەبێت، ئەوا هەموو دەستەیەکی ناوی NP هەردوو ئاستەکەیان هەیە.

$X^{=} \leftarrow X^{-} \leftarrow X$

هاوکات خودی تەواوکار دەشێت وشەیەك یان کلۆزێك بێت .

لە نموونەکەدا ئەوە سەلمێنراوە ،کە N خاوەنی یەك دیاریکارە (کام ،چ) ی ئاوەڵناوی پرس هەروەها $N^{-}$ بە نۆبەی خۆی خاوەنی Nواتە ڕەگەزی فەرهەنگی (پیاو) و یەك تەواوکار، کە ڕستەیەکە، واتە شوێنی دیاریکارو تەواوکار پڕکراوەتەوە.

ئاشکرایە لە تیۆری ئێکس بار دا (کات و کەس ) کەبە INFL ئاماژەی بۆ دەکرێت وەك کەرەسەیەکی فەرهەنگی تێ ی دەڕوانرێت و پلەکانی بێ باڕ و تاك باڕ و جووتباڕی دەدرێتێ ، واتە I وەك کات و کەس ڕێکەوتوون ،$I^{-}$ وەك فرەیزی ناوەند و $I^{=}$ وەك کۆتایی فرەیز I P یان S ڕستە لێکدەدرێتەوە (ویویان جیمزکوك : ١٣٧٤ : ١٧١) درەختی هێڵکاری ڕوونی دەکاتەوە :

-١



٢- ئەگەر $I^=$ هەمان S بێت ،ئەوا پێکهاتەی ئاستی بەرزی ڕستە بەم چەشنە دەبێت :




هێڵکارییەکان ئەوە دەخەنەڕوو ، کە فرەیزی ناوی $N^=$ دەبێتە دیاریکاری $I^-$، V دەبێتە تەواوکاری I خودی I وەك جێکەوتەیەك گونجاندن و کات و کەس دەگرێتەوە . هەروەها ئەوە یاددەخرێتەوە، کە فرەیزی ناوی بکەری لە زمانی کوردیدا، دەشێت گۆنەکرێت و شوێنەکەی پڕۆ (Pro) بکرێت .

پێشتر ئاماژە بۆ ئەوە کراوە ، کە تیوری ئێکس باڕ بەچەند هەنگاوێکی پوختەکاری دا ڕۆشتووە. هەنگاوێکی تری ئەم پوختەکارییە، چارەسەرکردنی کێشەی comp و $S^-$ واتە تەواوکار و Sباڕ ، بۆ ئەوەش comp وەك کەرەسە فەرهەنگییەکان پلەدارکراوە بۆ C , $C^-$, $C^=$ وەك لەم هێڵکارییەدا ڕوونکراوەتەوە.

٣-




$C^=$ واتە CP فرەیزی تەواوکاری هاوتای $S^-$ کە خاوەنی دیاریکار و $C^-$ خودی $C^-$ خاوەنی C و یەك تەواوکارە ، وەك لەم هێڵکارییەدا ڕوون دەبێتەوە :

٤-




ئەوەی دوو هێڵکارییەکە سەلماندیان ئەوەیە ، کە C دەبێتە سەرە و $I^=$ یەکسانە بە S و دەبێتە تەواوکار، لەهەمان کاتدا I و C وەك N و V کەرەسەی فەرهەنگی نین ، ئەگەرچی C دەشێت

خاوەنی وشە ئەرکییەکانی وەك (کە ، گەر ، لەگەڵ ئەوەی ، هەرچەند، ئەگەر چی ، ... بێت ) . هاوکات کات و کەس لە زمانی کوردیدا بە زۆری مۆرفیم دەیان نوێنێت و بوونێکی بەرجەستەیان هەیە. واتە لە چەند لایەنێکەوە خاوەنی تایبەتمەندێتی کەرەسە فەرهەنگییەکانن .

ئەم پێشینە تیورییە ئەوە دەگەیەنێت ، کە ئاستە باڵاکانی ڕستە لەگەڵ بەشەکانی تیوری ئێکس باڕ هاوجۆرن – وەك یەکن – لەم باسانەدا :

$S^-$ لەبری $C^=$ یان CP و زاراوەی COMP لەبری C سوودی لێدەبینرێت ، بۆ نموونە:

٥-




گەر بڕوانینە دوو هێڵکاریی پێشووتر(٣،٤)کە شوێنی دیاریکار هیچ کەرەسەیەکی تێدا دانەنراوە واتە $C^=$ ($S^-$) کە خاوەنی شوێنی دیاریکارن ، بە بەتاڵی ماوەتەوە، چونکە ئەم جێگایانە تەنیا کۆمەڵەی وشەی پرس(wh) بۆی دەجوڵێت وەك لە زمانی ئینگلیزی دا:

لە(ڕابردوودا ) بینی کێ / ئەو (ڕابردوو) – بینن . کێ
دەتوانرێت به شێوەی درەختی خوارەوە نیشان بدرێت ،کە شوێنی دیاریکاری بەتاڵ دەخاتە ڕوو :

٦-




٧- دوای جوڵە دیوی دەرەوە دەبێتە :




پڕکردنەوەی شوێنی دیاریکار بە وشەی پرس لە $C^{=}$ دا یان $S^{-}$ دا ڕێگە خۆشکەرە بۆ ئەوەی بگوترێت ئەو کەرەسانەی ئەو شوێنە دەگرن دیسان ڕۆڵی دیاریکار دەبینن . بۆیە دەگوترێت:
لە ڕوانگەی ئەم پێشینە زانستیانەوە پارتیکڵە بەشدارەکانی پێکهاتەی ڕستە دەخرێنەڕوو . سەرەتا لە پێکهاتەی IP یان فرەیزی $I^{=}$ کە بەرامبەر بە ڕستە دەوەستێتەوە.

١- (ئێمە ) بابڕۆین بۆ زانکۆ .
٢- باشە ، وادەڕۆین .
٣- دەبا بڕۆین .
٤- چاوەڕێکە ، هەر دەڕۆین .

-١



٢-


I=
I=
I=
I-
N=
I-
N=
(Pro)
I
V=
(Pro )
I
V=
Tens
AGR
V -
Par
V
Adj
ڕانه بردوو
کەسی یەکەمی کۆ
Adv
Tens
AGR
V
وا
ئێستا
دەڕۆین
ە
باش

٣-


I=
I-
N=
(Pro)
I
V=
Tens
AGR
V-
Par
ڕانەبردوو
کەسی یەکەمی کۆ
V
بڕۆین
با
دە

-٤




نمونەکان ئەوە دەخەنەڕوو، کە پارتیکڵەکان وەك بەشداربووی پێکهاتەی فرەیزی کاری پێش کاری ڕستە دێن و وەك (ئەدڤێربڵ) ئاوەڵکار لایەنێکی ڕووندەکەنەوە، بە واتا وەك تەواوکارێکی ناڕاستەوخۆ چەمکێکی ڕوونتر دەدەن بەواتای کارەکان.

هەندێك جار پارتیکڵ لەدوای کارەوە ، پێش ناوی تەواوکار – بەرکاری ڕاستەوخۆ – دێت ،بۆنموونە : ئێوارەیە ، هەڵگرە سا گۆزەیی تازە .



لەپێکهاتەی CP یان $C^{=}$ دا پارتیکڵەکان شوێن و ڕۆڵیان جیاوازە . بۆنموونە:

١- گەر بخوێنیت دەردەچیت.

٢- بخوێنە با دەربچیت .







خاڵی سەرنج ڕاکێش لەم دوو نموونەیەدا ئەوەیە، کە پارتیکڵە پەیوەستەکان (گەر ، با) دەبنە سەرەی فرەیزی $C^{-}$ ، $I^{=}$ ی دوای دەبێتە تەواوکار . لەم ڕووەوە دەتوانرێت بگوترێت کە ئامرازە پەیوەستەکانی ڕستەی ئاوێتە وەك پۆلی پێشناو ڕەفتار دەکەن، واتە دەبنە سەرە و پێش

تەواوکارەکانیان دەکەون و حوکمیان دەکەن .

چونکە وەك وشەیەکی (ئەرکی ڕێزمانی) بەشداری پێکهاتەی فرەیز دەکەن . لەم ڕووەوە (Fromkin:2003:149) دەڵێت : ( تەواوکارەکانی کە ، ئەگەر ، لەگەڵ ئەوەی،ئینجا – لەژێر گرێی comp دا دەردەکەون ، وەك Det یان Aux– کاری یاریدەدەر بە کەتیگۆری ئەرکی دەژمێردرێن و دەبنە سەرەی کەتیگۆری CP.

هەر لە چوارچێوەی ئەم جۆرە فرەیزەدا ئاماژە بۆ ئەوەکرا ، کە پڕکردنەوەی شوێنی دیاریکار بە وشەی پرس (wh لە زمانی ئینگلیزیدا ) دراوە . بەڵام لە زمانی کوردیدا جگە لەو وشە پرسانەی کە ڕۆڵی بەرکار دەبینن، هەندێك بەشداربووی ڕستە وەك پارتیکڵ ئەو شوێنە دەگرن ، لەم ڕووەوە دەگوترێت : هەندێك زمان مۆرفیمی ڕێزمانی یان پارتیکڵیان هەیە ، وەك نیشانەی ئاشکرا سەرەتای ڕستە دەگرن (Fromkin: 1988:190 )

کێت دی ؟




لە ڕستەی ڕاماندا جگە لە ئاوازی دەربڕین ، هەندێك وشە سەرەتای ڕستە دەگرن ، کە هەستی قسەکەر دەنوێێت بەرامبەر بە شتێك ، یان ڕووداوێك ، بۆ نموونە:

١- ئاخۆ ئازاد هاتبێتەوە .




٢-جاكوا هاتبێتەوە.[٥]




[٥] (جا) وەك پارتیكلْ كورتكراوەی (ئینجا)یە.

تێح كه ناشرینه.

ئیف كه بەلەزەته.

له ڕاستی دا ئەم ڕستانه كورتكراوەی یان دەربڕاوی ڕستەی درێژترن واته ئەو بابەتانەی هەستی بەرامبەر دەربڕراوه ، گۆنەكراوه ، له بنج دا ڕستەكان بریتین له :

تێح ئەو شته كه ناشرینه .

ئیف ئەو خواردنه كه بەلەزەته.

له درەختی هێڵكاریەكەدا بریتین له :

-٣




له كورتكردنەوەدا ، واته دوای هەنگاوەكانی گوێزانەوه ،ڕستەی دەرچووی هەست دەربڕ ، شێوەی باوی خۆی وەردەگرێت :

-٤



شوێنی دیاریکار له نموونەکاندا به وشەکانی : ئاخۆ ، جا–کوا ، تێح ، ئیف ... هتد پڕکراوەتەوە .

وشەکانی پرس دوودڵی دەنوێنن هاوکات هەست دەربڕین لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر بەرامبەر بە شتێك یان دیاردەیەك دەگۆڕێت . لەم بارەیەوە (صباح رشید : ٢٠٠٧: ١٠٤) ئاماژە بەوەدەکات ،کە(Spec - CP)،دەتوانرێت بەکەرەسەیەك پڕبکرێتەوە ، ئەرکی ڕێزمانی جیاوازی هەبێت.

واتە لە بری ئەرکی پرسیار ، ئەرکی ڕامان دێتە ئاراوە ، هەروەك پێشتر ئاماژەی بۆکرا هەندێك زمان مۆرفیمی ڕێزمانی یان (پارتیكڵ) یان هەیە ( grammatical morhpems) و دەبنە نیشانەی ئاشکرای سەرەتای ڕستە، لەم ڕوانگەیەوە وشەکانی ڕامان وەك پارتیکڵ سەرەتای ڕستە دەگرن و دەبنە دیاریکار .لە زمانی کوردیدا هەندێك کەرەسەی تر بەشداری پێکهاتەی فرەیز دەکەن ، لەوانە پێشناوەکان لە چوارچێوەی فرەیزی پێشناوی‌دا حوکمی ناوەکەی ، یان فرەیزە ناویەکەی دوای خۆیان دەکەن .ئەوەی لێرەدا مەبەستە مۆرفیمەکانن وەك : (دا ، ەوە ، ڕا) کۆتایی فرەیزە پێشناوییەکان دەگرن ، وەك بەشدارێك چەمکی فرەیزەکە ڕوون دەکەنەوە، بۆنموونە :

لە سلێمانیەوە هاتووم.

بە کەرکووك دا تێپەڕیم.

لە هەولێر ڕا نیشتەجێ بووم .



(محمد عبدالفتاح:٢٠٠١: ١٧٩) سەبارەت بەم کەرەسانە دەڵێت ((ڕەگەزی سینتاکسین ئەو ڕۆڵانەی دەیدەن ، ڕۆڵی ئاوەڵکردارین )) ئەم بۆچوونە یەکدەگرێتەوە لەگەڵ خاڵی پێنجەمی تایبەتمەندییەکانی پارتیکڵ دا .

/ش/ وەك مۆرفیمێکی بەند لە پێکهاتەی فرەیزی ناوی‌دا بەشداری دەکات، بۆ نموونە :

دەڕۆم بۆ زانکۆ ، تۆش وەرە .

واتە /ش/ وەك پارتیکڵ لە ڕستەی ناسادەدا ، وەك دەرخەر دوای ناو ، جێناو لە فرەیزی ناوی‌و ،پێشناوی دا دێت .

گەر ڕۆشتم تۆش دەبەم.

من دەڕۆم ، تۆش وەرە.

بە تۆشم گوت...




نموونەکان بەگشتی ئەو ڕاستییە دەخەنەڕوو ، کە پارتیکڵەکان وەك وشەیەکی ئەرکی بەشداری پێکهاتەی فرەیزەکان دەکەن :دەرخەری ، تەواوکاری ، یان پێشناوی..

((وشەی ئەرکی ئەو وشانەن کە واتایەکی فەرهەنگی ڕوونیان نییە، بەڵکو ئەرکێکی ڕێزمانییان هەیە((Fromkin:2003:582 ) )) کەواتە بە هایان لە پێکهاتەی فرەیزدا ڕوون دەبێتەوە ، چونکە بەشێکی ئەرکی پەیوەندی و تێگەیشتن بەرجەستە دەکەن و چەند پەیڕەوێکی بچووك دێننە ئاراوە.

## ئەنجامی توێژینەوەکە:

لێکدانەوە و شیکاری نموونەکان لە چوارچێوەی تیوری ئێکس باڕ و تایبەتمەندێکانی پارتیکڵ دا، ئەو ڕاستییانە دەخەنە ڕوو کە:

١- پارتیکڵ بە شێوەیەکی گشتی وشەی ئەرکین ، ئەرکێکی ڕێزمانی ئەنجام دەدەن .

٢- بە پیێ ی ئەو شوێنانەی لە پێکهاتەی فرەیزدا دەیگرن چەند پەیڕەوێکی بچووک پێکدێنن:

٢/أ- لە پێکهاتەی فرەیزی ناوی‌دا ، جگە لە تاکبەندەکان ، جێناوەکانی نیشانە، ڕادە و ژمارە ، ئاوەڵناوەکانی پرس( کام – چ) دەبنە دیاریکار Specifier پێش دەرخراو دەکەون.

٢/ب- مۆرفیمی (ش) لە پێکهاتەی فرەیزی ناوی‌دا وەك ڕەگەزێکی سینتاکس دوای ناوی دەرخراو دێت و دەبێتە دەرخەر.

٣- لە فرەیزی پێشناوی‌دا ، پێشناوەکان دەبنە سەرە و ڕەگەزە سینتاکسییەکانی دوایان وەك پارتیکڵ بەشداری دەکەن.

٤- لە فرەیزی IP یان ڕستەی سادەدا . پارتیکڵ بەزۆری پێش کاری ڕستە دەکەوێت . هەندێك جار ڕۆڵی ئاوەڵکار دەبینێت .

بابڕۆین – وا دەڕۆین

لە هەندێ دەبڕیندا (جا) پێش فرەیزی پێشناوی دەکەوێت : جا بەمن چی .

٥- لە فرەیزی CP یان ڕستەی ئاوێتەدا $C^{=}$، پارتیکڵەکان دەکەونە ژێر گریێ ی comp ەوە و بە کەتیگۆری ئەرکی ناودەبرێن و دەبنە سەرەی فرەیز و شوێنی specی CP دەگرن .

٦- وشەکانی پرس و ڕامان ، سەرەتای ڕستە دەگرن و دەبنە دیاریکار لە فرەیزی CP دا.

٧- ئەگەرچی پێشناوەکان و مۆرفیمە پەیوەستەکان وشەی ئەرکین وتایبەتمەدێکانی سەرەیان نییە ، بەڵام دەبنە سەرەی فرێزەکانی پێشناوی و تەواوکاری .

لەم توێژینەوەیدا مۆرفیمە لێکدەرەکانی ڕستەی لێکدراو کە دەکەونە نێوان دوو ڕستەی سادە یان زیاتری ڕستەی لێکدراو باس نەکراوە ، چونکە ناچنە پێکهاتەی فرەیزەکانەوە.

## لیستی هێماکان

| | |
|---|---|
| AGR | ڕێککەوتن |
| comp | تەواوکار |
| DET-Det | دەرخەر |
| INFL | کات و کەس |
| IP – $I^=$ | فرەیزی کات و کەس |
| NP-$N^=$ | فرەیزی ناوی |
| Par- particle | پارتیکڵ |
| Modifier | دەرخەر |
| PP-$P^=$ | فرەیزی پێشناوی |
| Pro | شوێنی کەرەسەی دەرنەبڕاو |
| Specifier | دیاریکار |
| VP-$V^=$ | فرەیزی کاری |
| Wh | کۆمەڵەی وشەی پرس |
| X | هێما بۆ بنج ی فرەیز |
| $X^-$ | پلەیەکە لە نێوان وشەو فرەیزدا |
| XP-$X^=$ | فرەیز= جۆرێك لە ڕەگەزی ڕستە |


## سەرچاوەکان:

### سەرچاوەبەزمانی کوردی:

١- د. ئەورەحمانی حاجی مارف ، ڕێزمانی کوردی ، بەرگی یەکەم (مۆرفۆلۆژی) بەشی یەکەم – ناو ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق ، بەغداد ،١٩٧٩

٢-د٠ محەمەد مەحوی ، ڕستەسازی کوردی ، زانکۆی سلێمانی ، ٢٠٠١

سەرچاوە بە زمانی فارسی:

١- د. محمد دبیر مقدم ، زبانشناسی نظری ، پیداشت و تکوین دستور زایشی (ویراست دوم) ، سازمان و تدوین کتب علوم دانشگاهها (سمت) تهران ، ١٣٨٣(٢٠٠٤)

٢- ویویان جمیز کوك، درامد بر دستوری جهانی چامسکی ، مترجمان کورش لاچینی و فرید قائمی ، مرکز انتشارات علمی دانشگاه ازاد اسلامی ، ١٣٧٤(١٩٩٥).

نامەی زانستی :

١- ابوبکر عمر قادر ، پرسیار لە زمانی کوردی دا ، زانکۆی سەلاحەدین (١٩٩٣) ( نامەی ماجستێر – بڵاونەکراوە)

٢- ابوبکر عمر قادر ، بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لە زمانی کوردی و فارسی دا ، زانکۆی سلێمانی ، ٢٠٠٣ (نامەی دکتۆرا- بڵاونەکراوە).

٣- سەباح ڕەشید قادر ، هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەلات و بەستنەوە ( GB ) ، زانکۆی سلێمانی ، ٢٠٠٧ (نامەی دکتۆرا – بڵاونەکراوە).

سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

1- Crystal . David - A dictionary of Linguistics & phonetics , 5th Edition 2003 by Black well publishing Ltd.

2- Finch . Geoffrey , Linguistic Terms and concepts , 2000 , MACMILLAN PRESS , London

3-Fromkin – V , Rodman . R , An Introduction to Language , 4th Edition , 1988 , Holt Rinehart and winston Ins : U.S.A

4- Fromkin – V , Rodman . R . Hyams .N , An Introduction to Language , 7th Edition , 2003 , Thomson , Heinle : U.S.A

5-Jack C. Richards , john platt , Heidi platt , Longman Dictionary of Language , Teaching & Applied Lingustics 1992 , Richard Glay plc , London

6-Mc Carus, E ,W (1958) A Kurdish Grammar , American council of learned societies . New York

7-Tallerman , M (1988) Understanding SYNTAX , Arnold A member of Hodder Headline Grup , London

8- Trask , R.L (1993) A Dictionary of Grammatical Terms in Linguistics . Routledge : London


## پوختەی توێژینەوە


ئەم توێژینەوەیە ، خستنە ڕووی پۆلە ڕەگەزێکی ڕێزمانییە ، کە بەشداری دەکەن لە پێکهاتەی فرەیزی ناوی و کاری و تەواوکاریدا ، لە چوارچێوەی تیۆری ئێکس –باڕ دا .

خودی ئەم تیورە، کە تیورێکی شیکارییە، گرنگی دەدات بە شیکاری پێکهاتەی ڕێزمانی پێکهاتەکان و خستنە ڕووی پێکهێنەرە بنجییەکان ، توێژەر تایبەتمەندێتی ئەو پۆلە کەرەسەیەی وەك وشەی ئەرکی خستۆتەڕوو ، بۆ ئەوەی جیای بکاتەوە لە یەکە فەرهەنگییەکانی تری وەك ناو ، ئاوەڵناو ، کار ... کە دەبنە سەرە لە تیۆری ناوبراودا.واتە دەبنە بنجی فرەیز و بە $X$ ئاماژەیان بۆ دەکرێت ، فراوانکردنی ئەم یەکەیە $X$ لە $X^-$ بەهۆی وشەیەکی دەرحەرییەوە دەبێت ، هاوکات $X^-$ فراوان دەکرێت بۆ $X^=$ لە ڕێی وشەکانی دیاریکارەوە . هەریەك لە وشەکانی دەرخەر و دیاریکار شوێنی تایبەتیخۆیان هەیە لە زمانە سروشتییەکاندا .

گرنگترین تایبەتمەندێتی ئەم پۆلە کەرەسەیە ، کە بە پارتیکلً ئاماژەیان بۆدەکرێت ئەوەیە کە : فۆڕمیان نەگۆڕە ، گەردان ناکرێن ، ناچنەپێکهاتەی وشەی ترەوە ، بەکارهێنانیان لە پێکهاتەی فرەیز و ڕستەدایە .جگە لە بەشدارییان لەپێکهاتەی ڕێزمانی دا ، بەکارهێنانی واتایی و پراگماتیکیشیان هەیە.

توێژەر ئەم پۆلە کەرەسەیەی بە پێ ی شوێنەکانیان لە فرەیزی ناوی و کاری و تەواوکاری دا دابەشکردووە، وشەکانی (کام – چ) ی ئاوەڵناوی پرسی لە فرەیزی ناوی دا زیادکردووە ، بۆ تاکبەند و جیناوی نیشانە و ڕادە و ژمارە . لە فرەیزی کاری دا ئەو وشانەی دیاریکردووە کە ڕۆڵی دەرخەر دەبینن و پێش کار دەکەون ، بەڵام لە پێکهاتەی تەواوکاری ڕستەی ئاوێتە دا ، وشە ئەرکییەکان پێش ڕستەی شوێنکەوتوو دەکەون و دەبنە سەرەی فرەیزی تەواوکاری ، واتە ڕۆڵەکەی وەك پێشناوە لە فرەیزی پێشناوی دا .

بە بەراورد بە شوێنی (wh-) ی ڕستەی پرس و ڕوانگەی ئەم تیورە و هاتنی ئامرازەکانی ڕامان لە سەرەتای ڕستەدا – جگە لە ئاوازی ڕامان – توێژەر ئەوەی خستۆتە ڕوو کە ئەم ئامرازانە لە پێکهاتەی ڕستەی ڕامان دا وشەی دیاریکارن ، بۆ خستنەڕووی ڕستەکان لە ڕوانگەی چەمك و واتاوە .

## خلاصة البحث

يتناول هذا البحث الأدوات النحوية التي تشارك في بناء العبارات الاسمية و الفعلية و المتممية (الجمل التابعة) من خلال نظرية ( اكس – بار) اللغوية الحديثة المتطورة و التي تهتم بتحليل الجمل و العبارات إلى مكوناتها الأساسية . وقد بين الباحث خصائص هذه المجموعة من الكلمات الوظيفية ، لتميزها عن المفردات المعجمية الأخرى و التي تشكل بدورها أصناف قواعدية كالاسم و الفعل و النعت ... الخ .

علماً بأن هذه الاصناف ( اسم ، فعل ، نعت) قد تشكل رأس العبارة النحوية في هذه النظرية وترمز بـ X أي الجذر و توسيع هذه المفردة X إلى $X^-$ اكس بار بواسطة كلمة محددة نعتية و ترمز اليها بـ Determine أو Det و التي تسبق الرأس في العبارة الاسمية الكوردية , و من ميزات هذه النظرية توسيع $X^-$ إلى $X^=$ بكلمات وظيفية تحديدية أخرى من خلال مواقع معينة في العبارات ، و ترمز إليها بـ Specifier . و إن $X^=$ هي نهاية العبارة و تقابل الجملة .

إن هذه الكلمات الوظيفية قد سميت بـ Particle عند تصنيف الكلمات أو أقسام الكلام في القواعد التقليدية . و من أهم خصائص هذا الصنف أنها جامدة ، ثابتة الشكل ، لا تدخل في بناء الاصناف القوا عدية ، استعمالاتها تكون في بنية العبارات و الجمل أي تملأ مواقع معينة من البناء و تعطي المكون دلالات و مفاهم جديدة او **پراگماتيكيه** .

تمكن الباحث من تصنيف هذه المجموعة من الكلمات من خلال مشاركتها في العبارات الاسمية و الفعلية و المتممية إلى أقسام ثلاث ، حيث أضاف مفردتي : (كام ، چ ) الاستفهام النعتي إلى أدوات الحصر و ضمائر الإشارة و العدد في العبارة الاسمية . و بين الأدوات التي تأتي قبل الفعل في العبارات الفعلية و غالباً ما تعني الظرف ، أما في العبارات المتممية في الجمل المركبة و التي تسبق الجمل التابعة ـ تكون رأس العبارة المتممية comp أي أن دورها هذا يشبه دور حروف الجر في عبارات الجر .

و بمقارنة موقع (-wh) للجمل الاستفهامية و بحسب هذه النظرية و ورود كلمات أو أدوات في مقدمة الجمل في اللغة الكوردية – عدا نبرة التعجب- اظهر الباحث أن هذه الأدوات في هذه البنية هي كلمات تحديدية لبيان نوع الجمل من حيث التضمين و المفهوم .



## Summary

*This study is an attempt to show a grammatical word class (a grammatical category) which participates in forming noun phrases, verb phrases, and complementizer phrases within the scope of X-bar theory. This theory, which is an analytical one, describes and analyzes the grammatical structures of the constituents and the main constituents of sentences and phrases.*

*In this study, the researcher has accounted for this word class (category) as a functional word in order to be distinguished from the lexical words (like nouns, adjectives, verbs, etc.) which would be the head within the X-bar theory. That is, the function word is the headword represented as X ; the extension of this unit X in $X^-$ is because of having a modifier.Then, $X^-$ is extended to $X^=$ by means of aspecifiers. Each of the specifiers and the modifiers has its own position in natural Languages.*

*Some important factures of this word class are as follows :*

1- *Their forms do not change (or no change is in their form).*
2- *They are not conjugated further.*
3- *They do not participate in forming new words (they are not productive).*
4- *They are used in forming phrases and sentences.*
5- *In spite of participating in syntactic structures, they have semantic and pragmatics uses.*

*The researcher has classified this word class, according to their position, in each of the noun phrases,verb phrases , and complementizer phrases.That is, the words which (*کام*) and what (*چ*) as question adjectivals are added in noun phrases, distributives,demonstative pronouns,quantifiers and numerals. In verb phrases, the researcher has also demonstrated, the words that have the role of modifiers precede the verbs.While in the complementizer structure of the compound sentences, the function words preceed the dependent clauses and they will be the head of the complementizer phrases, assuming the same role of prepositions in prepositional phrases.*

*In comparison to the position of wh- word of question sentences and according to the view of this theory (X-bar theory) and the occurrence of the exclamatory particles at the beginning of the semtence, except with the exclamatory tone, the researcher has illustrated that these particles are specifers in forming exclamatory sentences, in ordere to show the types of the sentences in respect of concept and meaning.*